دڵەمی: بڕی زیاتر لە 500 ملیار دینار کورتهێنان لەمووچەی فەرمانبەرانی هەرێم هەیە



ئیخڵاس دڵەمی جێگری سەرکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند بڕی زیاتر لە 500 ملیار دینار کورتهێنان لەمووچەی فەرمانبەرانی هەرێم هەیە.

دڵەمی لە کۆنگرێسکی ڕۆژنامەوانیدا ووتی، میکانیزمێك لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بۆ خەرجکردنی مووچەی مانگی 12 دەبێت، ئێگەر ساڵی دارایش کۆتایی هاتبێت، پێویستە مووچە خەرج بکرێت.

دووپاتی کردەوە کە وەزارەتی دارایی فیدراڵ، تەنیا 400 ملیار دیناری بۆ مووچە مانگی 12، بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە، ئەمەش کورتهێنانی بۆ بڕی زیاتر لە 500 ملیار دیناری دروست کردووە.